# نێچیری هەفتە 9-2-2005

## عەلی مەحمود محەمەد

– تا ئێستا لە کوردستان زیاتر لە 5000 ژن بە تاوانی شەرەف کوژراون , لەوانەیە لەناو جەلادەکانییاندا کەسانێکی زۆر هەبێت ئێستا خەباتکاری پارێزگاری لە مافی مرۆڤ بێت لە ریزی ئەو پارتەیا کە دەیەوێت لە پاش دەرچونی لە ئەنجومەنی شارەوانی مانگانە بۆ قەیرە کچان ببڕێتەوە . سەیرەکە لەوەیە لیستی هاوپەیمانییەتی کوردستانی ژمارە 130 لە هاندەران ڕاچیەتەیەکیان چاپ کردوە لەسەری نوسراوە دەنگی تۆ شەرەفی تۆیە , کە چاوم پێ کەوت ڕوحم چوو و زگم بەوانە سوتا دەنگیان نەداوە , دەترسم ئەوانیش بە تاوانی شەرەف 5000 ێکییان لێ بکوژرێت !!! . ئەوانەی ئەم ڕاچێتەیەیان چاپ کردوە لە وڵاتێکدا هاونیشتمانیین زمانەکەیان جێگەی ووشەی شەرەفی تێدا نابێتەوە , نازانم کەی ناسنامە هاوتا دەبێت بە عەقڵ !!!! .

– دەڵێن زێی گەورە بە گەورەیی و پانی و تیژی خۆیەوە ملی دەسوڕێنینەوە لۆ هەولێری , نازانم بە یەك سایدی تێدەپەرێت یان دوو سایدی؟؟؟ , شێستییە یان سەدی؟؟؟؟ , کەچی لەو شوێنەی حاکمی کول ڤ کولن ناتوانن یەك بۆرِی ئاو بۆ قوتابیانی بەشی ناوخۆیی دابین بکەن , قوتابیە عەلمانییەکان لە مزگەوتی ئیسلامییەکان دەست بە ئاوە گەیەنن , کە داوای ئاویشە کەن تەقەی خۆشی دیموکراسیانەیان بەسەردا دەبارێنن . ئەم لایەن زێیەك بێنێت ئەوی دی دەیکات بە دوو , سیاسەت بە مزایەدەوە خۆشە , ترسم لێنیشتووە ئاو هەولێر بەرێت , داوا لە ڕێکخراوە سەوزو ژینگە دۆستەکان دەکەم زوو لیژنەی پارێزگاری لە هەولێر دژ بە ئاو بردن دروست کەن , دەنا ئەگەر هۆلاکۆش لە هەولێر لوتی شکێنرابێت ئەمجارە ئاوی لوتی شۆفەڵ هەولێر دەبات !!.

– دەنگ بدەن بە بانکی هەرێم , بە دوو چڵە دارەکەی فلکەی بە تەمای خوا , بە چڵکاوەکانی سەیداوە , بە کەفاوەکەی بەردەم کۆمیتەی ینك لە کفری کە ئالأی عێراق بەسەرییەوە دەشەکێتەوە , بە قوراوەکان کەلار , بە زەلکاوەکەی خەلیفان , بەو.. بەو.... بە. باشە بۆ هەر ئەمانەمان پێ نیشان دەدەن دەنگیان بۆ بدەین , ئەی شتە جوانترەکان , من دەنگ دەدەم بە قەسری مەسئولەکان , بەو کارخانانەی بەشە سەهمی مەسئولە کوردەکانی تێدایە لە هاندەران , بە ژەمی دەعوەتی شەوانییان , بەیاری کوڵمە سوورییان , بە کاروانی حیمایەی لەیلا عەلەوی و ئەڤەلۆنییان , بە موقەدەساتی شەوی سەرخۆشییان .

– هەردوو حکومەتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان ئەوەندە باسی مونجەزاتەکان خۆیان کرد لە بواری ئاوەدان کردنەوە یەکێك نەزانێت مەسئولەکانییان بە کرێی سێو ڕنینەوەی نەغەدەو سەقز ئەو پرۆژانەیان ئەنجام داوە , هەر ئەمە وای کرد کۆنە وەزیرێکی کوردی بەغداش لە ڕێگەی ڕۆژنامەی هەواڵەوە مونجازەتەکانی خۆی بژمێرێت لە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دروستکردنی ڕێگاو بان , تەنها ئەوە مابوو ڕێگای ناو ڕەبایەکانیشمان پیّ بفرۆشێتەوە , فەقیرە نازانێت ئێمە تا سەدام ڕوخا دوژمنی جادەی قیر بووین!!!! .

– کە سەدام ڕوخا وامان زانی فایلی پارتەکانی پارچەکانی کەی کوردستان ئاشکرا دەبێت , کە پێشتر زۆر باسییان دەکراو تاوانبار دەکران گوایە پەیوەندی گەرمییان هەیە لەگەڵی , بە پێچەوانەوە , ئەوان هەموو فایلییان سپی و فایلی سەرکردەکانی لای خۆشمان بەرەکەتی تێکەوت !!!! .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com